# من شەونوێژ دەکەم ودەخەوم، وڕۆژانێک ڕۆژوو دەگرم و ڕۆژانێکی تر ڕۆژوو دەشکێنم، وئافرەتان مارە دەکەم، هەرکەسێک پشت لە سوننەتەکەی من (ڕێبازەکەی من) بکات؛ ئەوا ئەو کەسە لە من نییە

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «چەند کەسێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پرسیاریان لە خێزانەکانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- کرد سەبارەت بە کردەوەکانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە نهێنیدا (لە ماڵەوەدا)؟ یەکێک لەوان وتی: من هەرگیز ژن ناهێنم، ویەکیان وتی: من هەرگیز گۆشت ناخۆم، ویەکیان وتی: من هەرگیز لەسەر جێگای خەوم ناخەوم. بۆیە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- حەمد وسوپاس وستایشی خودای کرد، وفەرمووی: «ئایا باسی ئەو کەسانە چییە کە ئاوا وئاوا دەڵێن؟ من شەونوێژ دەکەم ودەخەوم، وڕۆژانێک ڕۆژوو دەگرم و ڕۆژانێکی تر ڕۆژوو دەشکێنم، وئافرەتان مارە دەکەم، هەرکەسێک پشت لە سوننەتەکەی من (ڕێبازەکەی من) بکات؛ ئەوا ئەو کەسە لە من نییە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

چەند کەسێك لە هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- هاتن بۆ لای خێزانەکانی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، وپرسیاریان کرد سەبارەت بە ئەو پەرستنانەی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەنجامیدەدات لە ماڵەکەیدا، کاتێك پێیان ووترا وەکو ئەوە وابێت بە کەمی بزانن، ووتیان: ئێمە لە کوێین بە بەراورد لەگەڵ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-؟ خوای گەورە لە گوناهەکانی ڕابردوو وداهاتووی خۆش بووە، بە پێچەوانەی ئەو کەسەی کە نازانێت ئایا خودا لێی خۆش دەبێت؛ بۆیە پێویستە زۆر پەرستن ئەنجام بدات بۆئەوەی لێخۆشبوون بەدەست بهێنێت. پاشان یەکیان وتی: من ژن مارە ناکەم. ویەکیان وتی: من گۆشت ناخۆم. ویەکیان وتی: من لەسەر جێگای خەوم ناخەوم -شەو ناخەوم-. ئەم باسانە گەیشت بە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-، وتوڕە بوو، و وتاری بۆ خەڵکی دا، حەمد وستایشی خودای کرد وفەرمووی: ئایا باسی خەڵکانێك چییە کە ئاوا وئاوا دەڵێن؟! واللە من لە هەمووتان زیاتر تەقوادارم ولە خودا دەترسم، لەگەڵ ئەمەیشدا دەخەوم بۆئەوەی بەهێز بم بۆ ئەنجامدانی شەونوێژ، وهەندێك ڕۆژ بەڕۆژوو نابم بۆئەوەی بەهێز بم بۆ ڕۆژووگرتن لە ڕۆژەکانی تر، وئافرەتان مارە دەکەم، بۆیە هەرکەسێك پشت لە ڕێبازەکەی من بکات وپێی وا بێت ڕێبازێکی تر کامڵتر وباشترە، ودەست بە ڕێبازێکی ترەوە بگرێت ئەوا ئەو کەسە لە من نییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6078